حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ١٣٤٥٤ /ک
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(ISO 9001:2015)

العدد :
التأريخ: ١٧/ ٥ /٢٠٢٣

## ڕێنمایی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠٢٣

## تەواوکردنی پرۆژەی لۆگۆی تاکسی

بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە (٣٦ی ساڵی ٢٠٠٧ هەموارکراو)، یاسای کارپێکردنی یاسای فیدراڵی هاتوچۆ ژمارە (٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤) لە هەرێمی کوردستان- عێراق و یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦ی ساڵی ٢٠٠٩)، دوا بەدوای فەرمانی وزاریمان ژمارە (٣٠١٨ لە ٢٠٢٣/١/٢٥) تایبەت بە دەستنیشانکردنی ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٧/١٥) وەکو دوا وادە بۆ ئەو شوفێرانەی تاکسی کە لۆگۆی تاکسیان تەواو نەکردووە، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ماددەی یەکەم:**

**شوفێری تاکسی دەبێت تا وادەی دیاریکراوە سەرەوە پابەندی ئەم خاڵ و ڕێکارانەی خوارەوە بێت:**

**یەکەم:** لۆگۆ لەسەر ئۆتۆمبیلی تاکسیەکەی بچەسپێنێت بەپێی ڕێنماییەکان.

**دووەم:** کۆد و لۆگۆی ئۆتۆمبیلی تاکسیەکەی دەستکاری نەکات.

**سێیەم:** هەڵواسینی (٣) سێ کارتی زانیاری لەناو ئۆتۆمبیلی تاکسیەکەی بەپێی شوێنی هەڵواسین و زانیاری داواکراو.

**چوارەم:** ئەگەر تاکسیەکە بە ناوی کەسێکی دیکە بێت یان بەناوی کۆمپانیایەکی بواری تاکسی بێت ، ڕێگەپێدراوە بە مەرجێک شوفێرەکە مامەڵەی لۆگۆی تاکسی بکات و زانیارییەکان بەناوی شوفێرەکە بێت . ئەگەر فەرمانبەر یان کارمەندی حکومەت بوو تەنها بۆی هەیە دوای دەوامی فەرمی خۆی تاکسی لێبخوڕێت و ڕەچاوی ڕێککارەکانی هاتوو لە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢٠١٨/ک لە ٢٠٢٣/١/٢٥) کرابێت.

**پێنجەم:** ئۆتۆمبیلی تاکسی گەڕۆکی ناو شار تەنیا بۆیان هەیە لەناو شار کاربکەن و ئۆتۆمبیلی تاکسی هێڵەکانی دەرەوەی شار تەنیا بۆیان هەیە لە هێڵەکانی دەرەوەی شار کار بکەن.

**ماددەی دووەم:**

**لەکاتی پابەند نەبوونی شوفێری تاکسی بەم ڕێنماییە:**

**یەکەم:** ئەفسەری هاتووچۆ لەکاتی بینینی سەرپێچی کردنی ماددەی یەکەمی سەرەوە دەسەڵاتدارە بە سزادانی ڕاستەوخۆ بە پێبژاردنی بڕی (٤٠٠٠٠) تەنیا چل هەزار دینار بە پشت بەستن بە خاڵی هەشت لە خشتەی ژمارە (٢)ی نوێی سزای دارایی بۆ

سەرپێچییەكانی هاتووچۆ (الغرامات المرورية) لە هەرێمی کوردستان کە لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٩ی ساڵی ٢٠١٦) هاتووە.

**دووەم:** دوای سزادان بە پێبژاردن کە لەبڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی تایبەتمەند دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی تایبەتمەند سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ لێدانی لۆگۆ.

**سێیەم:** ئەگەر شوفێرەکە لەماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی سزای پێبژاردنی هاتوو لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، سزاکە نەبژێرێت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند، ئەوا بڕی سزای پێبژاردنەکە دەبێتە دووهێندە بە پشت بەستن بە بڕگەی ١ لە بەشی٢٠ لە یاسای یاسای فیدراڵی هاتوچۆ ژمارە (٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤) بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** کار بەهیچ ڕێنمایی و بەیان و فەرمان و نووسراوێک ناکرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٧/١٦)ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

ڕێبەر ئەحمەد

وەزیـــری ناوخـــۆ

**<u>وێنەیەك بۆ:</u>**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی بریکارانی وەزارەت (    ) بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ب.گشتی دیوان + ب.گشتی ژمێرکاری + ب.گشتی گومرگ/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی پێشمەرگە/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن/ بۆ زانین
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/هەولێر /بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- نوسینگەی بەڕێوەبەری گشتی دیوان، بۆ زانین، لە گەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/بۆ کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا
- گشت پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان (    ) بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت(    )/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێز ڕاوێژکاران (    ) بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- ژمێریاری
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.



ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق   العنوان: اقليم كوردستان-العراق   Address: Kurdistan Region-Iraq